**دروستکردنی پاکەت / بەرگ.**

نووسەر : Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

دروستکردنی پاکەت / بەرگ.

لەم بابەتەدا چۆنیەتی دروستکردنی پاکەت / بەرگێك بۆ فیلم، یان بەرهەمێکی دیکە شی دەکەمەوە لە پرۆگرامی Adobe Photoshop CS2.

دیارە دروستکردنی ئەو کارە لە فۆتۆشۆپی وەشانی ٧ دا بە یەك دوو هەنگاوێك ئاسانتر و کورتتر دروست دەکرا، ئەوەش بەهۆی هەبوونی ئامرازێك بۆ کێشانی شێوەی 3D، ئەو ئامرازە لە وەشانەکانی پاش ٧ دا لە فۆتۆشۆپ دا نەما، بەلاّم بە چەندین شێواز و ئامرازی دیکە دەکرێ کارەکانی ئەو ئامرازە زۆر بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت.

ئەم بابەتە لە زۆربەی هەنگاوەکاندا پشت بەست دەبێت بە ئامرازەکانی ژێر لیستی Transform.

دەستپێکردن:

پەڕگەیەکی نوێ بکەوە، دەبێ قەبارەکەی بە پێی پێویست گەورە بێت، بۆ نموونە من بە قەبارەی ٥٠٠x٥٠٠ پیکسڵ کردوومەتەوە.




پاشان دروستکردنی لاکێشەیەك، گرنگ نیە بە چ ڕەنگێك بێت:




پاش دروستکرنی لاکێشه، برۆ بۆ لیستەی Edit پاشان Transform Path و Perspective کرتە بکە،




وەك لە وێنەكەدا ڕوونە دەبینی كە ٨ سەرچاوەی چەرخان و ١ سەرچاوەی كێشان دروست بووە، بە مشكی كۆمپیوتەرەكەت گۆشەیەكەی لاكێشەكە بۆ خوارەوە بچووك بكەوە، بۆ ڕوونبوونەوەی زۆرتر سەیری وێنەی سەرەوە بكە.

پاشان بە هەمان شێوە و بە هەمان هەنگاوە جێبەجێكراوەكان، لاكێشەیەكی بچووكتر لەوەی یەكەم دروست بكە، و بە هەمان ئامراز شێوەیەكی وەك ئەوەی خوارەوەی پێبدە.




بەو هەنگاوە کورتانە لە دروستکردنی شێوازی پاکەت/بەرگ ـەکە دەبینەوە، پاشان بۆ تایبەت کردنی دەتوانی وێنەی بەرهەم یان هەر وێنەیەك کە خۆت بتەوێ وەك وێنەی ڕووپەڕ لەسەر ڕووی جێگیری بکەیت.

وێنەکەت لە فۆتۆشۆپ دا بکەوە، پاشان ڕوونووسی بکە، دواتر لە پەڕگەی پاکەت ـەکەدا کرتە بکە سەر چینی لاکێشەی گەورە، لە لیستەی Edit دا Paste Into کرتە بکە.




بۆ ئەوەی وێنەکە بە جوانی شوێنی خۆی داگیر بکات، دەتوانی بە ئامرازی چەرخانی Perspective وەك لاکێشەکە گۆشەکانی بچووك بکەیتەوە.
لە لیستەی Layer دا و لەبەشی Layer Style دا Stroke کرتە بکە،




نرخی ڕەنگ بکە بە نرخێك کە لە ڕەنگی بنەڕەتی لاکێشەی گەورەدا لەیەکەوە نزیك بن.
پاشان گەر بتەوێ دەتوانی بە هەمان شێوە کاریگەریەکی دیکە لەسەر لاکێشەی بچووك جێگیر بکەیت.
هەنگاوی کۆتایی هێنان بە بابەتەکەم بەوە دەبێت کە سێبەرێك بۆ پاکەت ـەکە دروست بکەم، لە تابلۆی چینەکاندا کرتە بکە سەر چینی Background, دواتر لاکێشەیەکی بچووکتر لە لاکێشەی گەورە دروست بکە.
بە ڕەنگێکی نزیك لە ڕەنگی ڕەشەوە ڕووپەڕەکەی ڕەنگ بکە، بە ئامرازی Distort لە ژێر لیستەی Transform شێوەیەکی وەك وێنەی خوارەوەی بۆ دروست بکە.




جارێکی دیکە بگەڕێوە چینی تابلۆکان و نرخی Opacity چینی سێبەر کەم بکەوە بۆ نێوان ٣٠ - ٢٠.
ئەنجامی کۆتایی:



دەتوانی پەڕگەی کاری ئەم بابەتە بە فۆرماتی PSD لێرە دابگریت.

Jan 2006 21

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت